# فەلەستین: چارەسەری یەک دەوڵەت؟

ئیلان پاپی




وەرگێڕانی : ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستی- کوردستان

r

# چارەسەری یەك دەوڵەت، هەنگاوێكی بۆپێشەوە بۆ فەلەستین

**نووسینی: ئیلان پاپی (Ilan Pappé)**

**فەلەستین چۆن دەتوانێ لەو كارەسات و نەهامەتییە ڕزگاری بێت كە دەوڵەتی ئیسرائیل بەسەریدا سەپاندووە؟ لێرەدا مێژوونووسی دیار (ئیلان پاپی) دۆسیەی چارەسەری یەک دەوڵەتی بۆ قەیرانەکە دەخاتە ڕوو؛ بە ئاماژەدان بەوەی کە نەوەی نوێی فەلەستینییەکان و لایەنگرانی ئەو بانگەوازەن وەک تاکە ڕێگەی دەربازبوون لە بازنەی ستەم و چەوساندنەوەی ئیسرائیل.**

بیرۆکەی یەک دەوڵەتی دیموکراتییک وەک تاکە چارەسەر بۆ ململانێی مێژوویی فەلەستینی، بیرۆکەیەکی نوێ نییە. دوای کارەساتی نەکبە (Nakba) لە ساڵی ١٩٤٨، بزووتنەوەی نیشتیمانیی فەلەستین چەند ساڵێکی پێچوو تاوەکو بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی دژە کۆلۆنیالیستی مۆدێرن سەرهەڵبداتەوە. لە ساڵانی شەستەکاندا، ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین (PLO) دیدێکی ڕوونی هەبوو بۆ داهاتوو. لە پەیماننامەی ساڵی ١٩٦٨دا ڕێکخراوی PLO داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراسیی عەلمانی لە فەلەستینی مێژوویدا کرد. ئەو دیدگایە داوای مافی گەڕانەوەی فەلەستینییەکان بوو بۆ زێدی خۆیان پێش ساڵی ١٩٤٨ کە تاوەکو ئێستاش لەژێر داگیرکاریدان. لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا- لە ژێر فشاری گۆڕانی ڕاستەقینی چینی خوارەوەن. (PLO) دەستی کرد بە دووبارە بیرکردنەوە لە ڕێگەیەک بۆپێشەوە بۆ بەدەستهێنانی ستراتیژییەکی نوێ. شانبەشانی خەباتی چەکداری دەستی بە هەڵمەتێکی دیپلۆماسی سەرکەوتوو کرد کە وای لێکرد پشتگیری لە دروستکردنی دەوڵەتی فەلەستین بکات لە کەناری ڕۆژئاوا و کەرتی غەززە، لە تەنیشت ئیسرائیل، وەک قۆناغی یەکەم بۆ ڕزگاری تەواو. پابەندبوون بە چارەسەری دوو دەوڵەتی زیاتر لە جاڕنامەی سەربەخۆیی کە لە نۆڤێمبەری ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن ڕێکخراوی (PLO) پەسەندکرا و چەسپێندرا.

لە زۆر ڕووەوە، جاڕنامەی ساڵی ١٩٨٨ بە زۆر لەسەر ڕێکخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستین سەپێنرا، وەک پێشمەرجێک بۆ چوونە ژوورەوە وەک هاوبەشێک لە چوارچێوەیەکی نوێی ڕیکەوتن نامەی نوێی ئاشتی ئەمریکی کە تا

r

ئێستاش بە شێوەیەکی کارەساتبار بۆ گەلی فەلەستین کۆتایی پێ هاتووە. ئەم هەنگاوەی (PLO) دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی لەشکرکێشی ئیسرائیل بوو بۆ سەر لوبنان لە ساڵی ١٩٨٢ کە بارەگای ڕێکخراوەکەی ناچار کرد ڕوو لە وڵاتی تونس بکات و بزووتنەوەی نیشتمانی فەلەستینی لاواز کرد، ئەمەش پارچەپارچەبوونی پێشتر کە هەبوو قووڵتری کردەوە. ئەم پرۆسەیە لە ڕێککەوتنی ئۆسلۆ لە ساڵی ١٩٩٣ گەیشتە لوتکە.

ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و پشتیوانی یاسر عەرەفات بۆ لەشکرکێشی سەدام حوسێن بۆ سەر کوەیت، پێگەی نێودەوڵەتیی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی بەشێوەیەکی بەرچاو لاواز کرد و بژاردە ستراتیژییەکانی سنووردار کرد. هەر لەبەر ئەمەشە- سەرەڕای هۆشدارییەکانی هەندێک لە باشترین هاوڕێ و هاوکارەکانی- عەرەفات چوارچێوەی ئۆسلۆی قبوڵ کرد، کە لە ئیسرائیلدا بیری لێکرابۆوە و بنیات نرا بوو. دیزاینەرەکانی ئیسرائیلی بەدوای فۆرمولێکدا دەگەڕان کە بتوانن کۆنترۆڵی خاکەکە بکەن لە ڕووبارەوە تا دەریا بەبێ ئەوەی ئەو دانیشتووانەی لەوێ دەژین وەک هاووڵاتی لەخۆبگرن. وەک چارەسەری دوو دەوڵەتی بە جیهان و بە فەلەستینییەکان فرۆشتیان (هەرچەندە بەڵگەنامەکانی کۆتایی ڕێککەوتنی ئۆسلۆ باس لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینی لە تەنیشت ئیسرائیل نەکراوە). ئەگەر خاکت هەبێت نەک خەڵک، دەتوانیت وەک 'دەوڵەتی دیموکراسی جوولەکە' بمێنیتەوە. لەڕاستیدا ئۆسلۆ تەنها فێڵێکی دیکە بوو لە هەوڵی زایۆنیزمی لیبراڵ بۆ چوارگۆشەکردنی بازنەکە، ئەمجارەیان بە شەرعیەتدان بە فەلەستین.

## چارەسەری دوو دەوڵەتی

زایۆنیزم لە بنەڕەتدا بزووتنەوەیەکی کۆلۆنیالیزمی ئیستیتانییە، کە ئارەزووی ئەوە بوو کە زۆرترین خاکی فەلەستین هەبێت و کەمترین فەلەستینی لەسەر بێت. وەک زانای کۆچکردووی کۆلۆنیالیزمی ئیستیتانی، سکۆلار پاتریک وۆلف، باسی کردووە؛ بەریەککەوتنی نێوان دانیشتووان و دانیشتوانی ڕەسەن 'لۆژیکی نەهێشتنی خەڵکی ڕەسەن'ی لێکەوتەوە. لە هەندێک شوێن، وەک ئەمریکای باکوور، لەناوچوون بە شێوەیەکی حەرفی جینۆسایدی خەڵکی ڕەسەن بوو؛ لە فەلەستین جۆرێکی جیاواز بوو لە

r

نەهێشــتن، کە لە ڕێــگەی جیاکــاری و پاکتــاوکردنی نەتەوەیــی و ئــابلوقەدان بەدەست هاتبوو.

سیاســەتی زایۆنیســتی و دواتــر ئیســرائیل بەرامــبەر بە فەلەســتینییەکان لە هەر شــوێنێک بــن، بەم لــۆژیکە ڕێنمــایی دەکــرێن. دیــدگاکە وەک یەکە، ئامرازەکــان بەپێــی بــارودۆخی مێژوویــی دەگــۆڕدرێن. لە ســاڵی ١٩٤٨ بــزووتنەوەی زایۆنیســتی هەوڵــی دەرکردنــی بەرفراوانــی فەلەســتینییە ڕەســەنەکانی دا و ســەرکەوتوو بــوو لە ڕەگ و ڕیشــەی نیــوەی دانیشــتوانی فەلەســتین و دەستبەســەرداگرتنی ٧٨%ی فەلەســتینی مێژوویــی. ئەو فەلەســتینیانەی لە ئیســرائیل مــانەوە، خــرانە ژێــر دەســەڵاتێکی توندی ســەربازییەوە کە مــافە ســەرەتاییە مرۆیــی و مەدەنییەکانیــان لــێ ســەندەوە. ئەم دەســەڵاتە ســەربازییە گواســترایەوە بــۆ کەنــاری ڕۆژئــاوا و کەرتــی غەززە کاتێــک ئیســرائیل داگیــری کــرد (22%ی فەلەســتینی مێژوویــی مــاوەتەوە). لەگەڵ خــاکە نــوێیەکەدا، دانیشــتوانی فەلەســتینی زیــاتر هــاتنە نــاوەوە و تەحەدای دیمۆگرافیــای نــوێی بــۆ دەوڵەتــی دانیشــتوو دروســتکرد. کــۆدەنگییەکی ســتراتیژی لە نێــوان ســەرکردەکانی ئیســرائیلدا هەبــوو کە کەرتــی ڕۆژئــاوا و کەرتــی غەززە لە ژێــر کــۆنترۆڵی ئەوانــدا بێــت. لە ڕووی تــاکتیکییەوە مشــتومڕ لەســەر ئەوە هەبــوو کە چــۆن باشــترین شــت بەدەســت بهێنرێــت، بەڵام جیهــان گێــل بــوو کە ئەم مشــتومڕە تاکتیکیــانە وەک پێکــدادانێک لە نێــوان بەرەی 'ئاشــتی' (چەپ) و بەرەی'جەنــگ' (ڕاســت) ببینێــت. بــاڵی ڕاســت لە ئیســرائیل ئــارەزووی ئەوە بــوو کە خاکەکــان بــخەنە ژێــر دەســەڵاتەوە و یــان ببــنە هــۆی ئەوەی دانیشــتوانی نــاوچەکە بەجێبهــێڵن یــان لە ڕێــگەی سیســتەمێکی فەرمــی ئاپارتایــدەوە کــۆنترۆڵی بــکەن. چەپەکــان ئــارەزووی دروســتکردنی دوو بانتۆســتانیان دەکــرد، لە کەنــاری ڕۆژئــاوا و کەرتــی غەززە، کە ڕێــگە بە ئیســرائیل بــدات بە شــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ کۆنترۆڵیــان بکــات و هیــوای ئەوە بــوو هەم فەلەســتینییەکان و هەم جیهــان قەنــاعەت پێبکــات کە ئەمە دەتوانێــت ببێــتە بنەمــای پرۆســەی ئاشــتی. ئەمەش پاشــخانی ڕێککەوتنــی ئۆسلۆیە.

بــۆیە ڕێککەوتــنەکە لەســەر بنەمــای لێکــدانەوەی وردی ئیســرائیل بــوو بــۆ چارەســەری دوو دەوڵەتەکە؛ دامەزرانــدنی دوو بانتۆســتانی فەلەســتینی لە بەرامــبەر کۆتــایی هــاتنی ململانێکــان. لەوانەیە ڕێکخــراوی ڕزگــاری خــوازی فەلەســتینی هیــوای خواســتبوو لە ڕێــگەی پرۆســەی ئۆســلۆوە دەســتکەوتی

r

زیاتر بەدەستبهێنێت، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع پرۆسەکە پارێزبەندی بۆ ئیسرائیل دابینکرد بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە کۆلۆنیکردنی کەناری ڕۆژئاوا و کەرتی غەززە. کاتێک بەرخۆدانی فەلەستینییەکان بەرامبەر بە ڕێککەوتنی ئۆسلۆ لەگەڵ تەقینەوەی ڕاپەڕینی (ئینتیفازە)ی دووەم لە ساڵی ٢٠٠٠دا گەشەی کرد، سەرکردایەتی ئیسرائیل بڕیاریدا شارۆچکەکانی کەرتی غەززە جێبهێڵێت و بە گەمارۆدانی لە دەرەوە کۆنترۆڵی بکات. بۆشایی لە غەززە لەلایەن حەماسەوە پڕکرایەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٦ دەستی بەسەر کەرتی غەززەدا گرت، ئەمەش مەبەستی ڕاستەقینەی پشت کشانەوەی تاکلایەنەی ئیسرائیل لە پرۆسەکەدا ئاشکرا کرد. کەرتی غەززە دەکرێت یان وەک ناوچەیەکی ئاسایی دەسەڵاتدارێتی فەلەستین بەڕێوەبچێت یان بە گەمارۆدان و گەمارۆی دەریایی سزا بدرێت تا ئەو کاتەی خەڵکی ئەوێ ناچار دەبن هەڵبژاردەی دیموکراسی خۆیان بگۆڕن. کاتێک حەماس بە خەباتی چەکداری خۆی کاردانەوەی هەبوو بەرامبەر بە سیاسەتی خنکاندن، تۆڵەسەندنەوەی ئیسرائیل دڕندانە بوو و بووە هۆی ئەوەی لە شوێنێکی دیکەدا بە 'جینۆسایدێکی زیادە'ی خەڵک ناوم برد لە ڕێگەی هێرشی سەربازی و گەمارۆدانەوە- دۆخێک کە وایکرد نەتەوە یەکگرتووەکان پێشبینی ئەوە بکات کە ئەم کەرتە ئەم بەشە چەند ساڵێکی تر ناپایەدار دەبێت و سەرکەوتوو نەبێت.

بەو پێیەی ئیسرائیل تەنها 78%ی فەلەستینی لە ساڵی 1948 داگیرکرد و نیوەی دانیشتووانەکەی لە زێدی خۆیدا مابوونەوە، ئامرازەکانی جێبەجێکردنی دیدگای دەوڵەتی ئیستیتانی لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا گۆڕانی بەسەردا هات، بەڵام ئامانجەکە هەر وەک خۆی بوو؛ تا دەتوانرێت کۆنترۆڵی زۆرترین فەلەستینی هەبێت لەگەڵ کەمترین فەلەستینی. تا ساڵی 1967 حوکمی سەربازی بەسەر هاووڵاتیانی فەلەستینی لە ئیسرائیلدا سەپاند و دوای شەڕی حوزەیرانی 1967 ئەم ڕژێمەی بۆ فەلەستینییەکانی کەرتی ڕۆژئاوای داگیرکراو و کەرتی غەززە گواستەوە. پلانە جیاوازەکانی ئیسرائیل کە هەندێکیان بە پێشنیاری ئاشتی ناوزەد کران، مەبەست لێی چارەسەرکردنی دژایەتی نێوان خواستی دەستبەسەرداگرتنی ئەو خاکە بوو (22% ماوەتەوە لە فەلەستینی مێژوویی) لە هەمان کاتدا ئەو ملیۆنەها فەلەستینییەی لەوێ دەژین لەخۆ نەگرت بۆ ئەوەی هاوسەنگی دیمۆگرافی تێک نەدات لە دەوڵەتی جوولەکە گەورەبووەکە. هەر بەرخۆدانێکی

r

فەلەستین بە شێوەیەکی دڕندانە سەرکوت دەکرا. نە ڕێککەوتنی ئۆسلۆ لە ساڵی ١٩٩٣ و نە کشانەوەی یەکلایەنەی دانیشتوانی جوولەکە لە کەرتی غەززە لە ساڵی ٢٠٠٥دا، ئەم واقیعەی نەگۆڕی. لە ڕاستیدا ئەوەی وەک هەنگاو بەرەو ئاشتی پەخش دەکرا، ژیانی بۆ فەلەستینییەکان قورستر کرد.

سەرەڕای ئەوەش و سەرەڕای ئەم پێشهاتە دڵتەزێنانە، ئەو لایەنانەی کە نوێنەرایەتی بزووتنەوەی نیشتمانی فەلەستین دەکەن- جا چی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بێت، یان حکومەتی فەلەستین بێت یان لایەنە فەلەستینییەکان لە ئیسرائیل- هێشتا پابەندن بە چارەسەرەکانی دوو دەوڵەت وەک تاکە ڕێگەی پێشەوە. تا ئەو کاتەی ئەمە هەڵوێستی فەرمی فەلەستین بێت زۆر ئەستەمە بۆچوونی بەدیل پێشکەش بکرێت لەوانە ئەوانەی کە لەسەر بنەمای پلان و دیدگای ڕەسەنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین دامەزراوە.

## بزووتنەوەیەکی نوێ؟

و لەگەڵ ئەوەشدا، یەک هۆکار هەیە کە توانی بیرکردنەوەی بەدیلەکانی فەلەستین پەرەبسێنێت سەرەڕای پارچەپارچەبوون و دوودڵی سەرکردایەتی بۆ تێپەڕاندنی چارەسەری دوو دەوڵەت. وە ئەمەش ئەو ڕاستییەیە کە کۆمەڵگای فەلەستینی یەکێکە لە گەنجترینەکانی جیهان و ئەم گەنجانە هێشتا چاوەڕێی ئەوەن کاریگەری خۆیان دروست بکەن (بەزەحمەت نوێنەرایەتیان هەیە لەو ئۆرگانەدا کە ئەمڕۆ سەرکردایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی فەلەستین دەکەن). ئەم نەوەیە گەنجە لە فەزای ئەلیکترۆنیدا زۆر چالاکە. ئەوان یەک سوودی گەورەیان هەیە لە چاو نەوەی پێشووی چالاکوانانی فەلەستینی؛ دەتوانن بە ئاسانی پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا بکەن و بەسەر ئەو پارچە پارچەبوونە فیزیکییەدا زاڵ بن کە زایۆنیزم بەسەر گەلی فەلەستین سەپاندووە. ئەمە ڕەنگە پاڵپشتییان بۆ دیدگای یەک دەوڵەت و گومانیان بەرامبەر بە چارەسەری دوو دەوڵەت ڕوون بکاتەوە.

لە سەر ئەرزی واقیع، لە ئیسرائیل، ئەم گەنجە فەلەستینییانە سەرقاڵی ئەوەی بوون کە مرۆڤ دەتوانێت ناوی بنێ بە بەرخۆدانی کولتووری، وەک ئەنتۆنیۆ گرامشی پێناسەی کردووە؛ هەم وەک پرۆڤەیەکی گەورە بۆ

r

بەرخـــۆدانێکی سیاســـی و هەم وەک جێگـــرەوەیەک بـــۆ بەرخـــۆدانێکی لەو شـێوەیە کاتێـک بـارودۆخ ڕێـگەی پێنـادات. ئەم بەرخـۆدانە کولتـوورییە لەسـەر نەکـبەی سـاڵی ١٩٤٨ وەک ڕووداوێکـی شـێوەبەندی کە تـا ئەمـڕۆش بەردەوامە، چـڕ بـووەتەوە. سـەردانی گونـدە وێرانبووەکـانی سـاڵی ١٩٤٨ دەکەن و وەک ڕابـردوو ئاوەدانیـان دەکەنەوە و مۆدێلێـک دروسـت دەکەن کە چـۆن دەردەکەون کاتێـک مـافی گەڕانەوەی فەلەسـتین جێبەجـێ دەکرێـت. ئەوان پەیوەسـت بـوون بە گەنجـانی کەرتـی غەززە کە لەسـەر ئەو سـیاجەی کە لە سـاڵی ١٩٩٤ەوە خنکانـدوون خۆپێشـاندانیان دەکـرد و داوای هەڵگرتنـی گەمـارۆ و مـافی گەڕانەوەیـان بـۆ گونـدەکانیان لە دیـوەکەی تـری سـیاجەکە دەکـرد. لە هەمـان کاتـدا- وەک چـۆن هاوکـات بـوو لەگەڵ یـادی سـاڵنامەیی نەکـبە- ڕێورەسـم و خۆپێشـاندان لە نـاوچە فەلەسـتینییەکان لە ئیسـرائیل بەڕێوەچـوو، کە هێرشـی غەززەیـان بە کۆمەڵکوژییەکـانی سـاڵی ١٩٤٨ەوە گرێدا.

بەشـێک لەو گەنـجە فەلەسـتینییانە ئێسـتا بەشـدارییان لە هەڵمەتـی چارەسـەری یەک دەوڵەتـی کـردووە. وەشـانی نـوێکراوی چارەسـەری یەک دەوڵەت لەسـەر بنەمـای تێڕوانینێکـی زۆر جیـاوازە بـۆ ململانـێکە لەوەی کە بنەمـای چارەسـەری دوو دەوڵەتە. چارەسـەری دوو دەوڵەتـی وا گریمـانە دەکـات کە ململانێـی فەلەسـتین لە نێـوان دوو بـزووتنەوەی نەتەوەییـدایە کە ئیـدیعای یەکسـانیان لەسـەر خـاکەکە هەیە. هەروەهـا ئامـاژە بە سـاڵی ١٩٦٧ دەکـات وەک خـاڵی دەسـتپێک بـۆ هەر باسـێک سـەبارەت بە داهـاتوو. لێـرەوە فەلەسـتین کـورت دەبێـتەوە بـۆ ئەو ناوچـانەی کە ئیسـرائیل لە شـەڕی حـوزەیرانی ١٩٦٧دا داگیـری کردبـوو و فەلەسـتینییەکان تەنیـا ئەوانەن کە لەو ناوچـانەدا دەژیـن. دوو گرووپـی گرنگـی فەلەسـتینی لەم تێـڕوانینە بێبەشـن: ئەوانەی لە ئیسـرائیل دەژیـن و پەنـابەرە فەلەسـتینییەکان. جـگە لەوەش ئەم چارەسـەرە 78%ی فەلەسـتینی مێژوویـی لە هاوکێشـەی ئاشـتیدا دەرکرد.

ئەو فەلەسـتینیانەی کە پشـتیوانی لە چارەسـەری دوو دەوڵەتـی دەکەن ئەم ئارگیومێنتانەی خوارەوە دەخەنە ڕوو.

یەکەم: بۆچی واز لە چارەسەرێک بهێنین کە جیهان بەگشتی قبوڵ بکات؟

دووەم: کۆتایی هاتنی داگیرکاری سەربازی ئیسرائیل مسۆگەر دەکات.

r

**سێیەم: دەوڵەتی نەتەوەیی بچووک لە هیچ باشترە.**

**بەڵام ڕەنگە ئەوەی شایانی باسە کە پەنجا ساڵ پشتیوانی لە بیرۆکەیە نەک هەر نەیتوانی چارەسەرێک بەرهەم بهێنێت بەڵکو شتەکانی لەسەر ئەرزی واقیع زۆر خراپتر کرد. دواجار، تاکە لێکدانەوەیەک بۆ چارەسەری دوو دەوڵەتی کە دەتوانێت کار بکات ئەوەیە کە ئیسرائیل پێداگری لەسەر کردووە و ئەو لێکدانەوەیە کۆتایی بە بوونی سەربازی ئیسرائیل لە کەناری ڕۆژئاوا یان گەمارۆدانی کەرتی غەززە ناهێنێت.**

**بەڵام زۆر ئەستەمە بتوانرێت چارەسەری بەدیل بۆ یەک دەوڵەت پاڵ بنرێتە پێشەوە تا ئەو کاتەی ئەم ناتەباییە لە لایەنی فەلەستین بەردەوام بێت. دەستپێشخەری بۆ پێشخستنی گوتاری چارەسەری یەک دەوڵەت، و هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری لەسەر ئەرزی واقیع سەرەڕای ئەم تەنگانە و بەربەستانە بەردەوامە. سێ پێشهات لە چوارچێوەدا جێگەی سەرنجن. (بزووتنەوەی بایکۆت و وەبەرهێنان و سزا)، کۆنفرانسی یەک دەوڵەت و بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی یەک دەوڵەتی دیموکراتیک.**

## بایکۆت و وەبەرهێنان و سزاکان

**بزووتنەوەی بایکۆت و وەبەرهێنان وسزاکان ( Boycott, Divestment and Sanctions) لە وەڵامی بانگەوازەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی فەلەستین سەبارەت بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی بە توندیتر لە دژی سیاسەتی ئیسرائیل لە فەلەستین مامەڵە بکەن، سەریهەڵدا. بە سەرکەوتوویی خۆی لە پشتیوی لە پێگە و نوێنەرایەتی فەرمی فەلەستینەکاندا دەوردەدا، بە گرنگیدان بە سێ مافی جەوهەری کە ئیسرائیل سەبارەت بە فەلەستینییەکان پێشێلی دەکات. مافی گەڕانەوەی پەنابەرانی فەلەستینی. مافی فەلەستینییەکانی کەرتی ڕۆژئاوای داگیرکراو و کەرتی غەززەی گەمارۆدراو بۆ ئەوەی بە ئازادی بژین و لەژێر چەوسانەوەی سەربازیدا نەبن و مافی کەمینەی فەلەستینی لە ناوخۆی ئیسرائیل بۆ هاوڵاتیبوونی یەکسان.**

**ئەم بزووتنەوەیە لە گەشەکردندایە و زۆر کاریگەر بووە لە گالڤانیزەکردنی ڕای گشتی جیهان تا ئەو ڕادەیەی کە وەک هەڕەشەیەکی ستراتیژی لەلایەن ئیسرائیلەوە سەیر دەکرێت. هەڵمەتی BDS ئاراستە و دیدگایەکی**

r

بە چالاکوانانی لایەنگری فەلەستین بەخشی، تەنانەت ئەگەر تا ئێستا لەلایەن بزووتنەوەی نیشتمانی فەلەستینەوە دابین نەکرابێت. ئاماژە بە هەموو فەلەستینییەکان دەکات کە شایەنی هاودەنگی و پشتیوانی ئێمەن؛ ئەوانەی لە ئیسرائیل و کەناری ڕۆژئاوا و کەرتی غەززە و پەنابەران دەژین.

هەروەها بەشدارە لە بیرکردنەوە و دیدێکی نوێدا چونکە مۆدێلی هەڵمەتی بایکۆتکردنە دژی ئاپارتایدی ئەفریقای باشوور. ئەمەش بەو مانایەیە کە دۆخی فەلەستین وەک دۆخی هاوشێوەی ئاپارتایدی باشووری ئەفریقا لە چوارچێوەیەکدا دانراوە کە هانی خوێندکارانی لە سەرانسەری جیهاندا ساڵانە هەفتەی ئاپارتایدی ئیسرائیل ڕێکبخەن، کە زۆربەی چالاکییەکان ئاماژەن بۆ پێویستی ڕزگارکردنی فەلەستین بە گشتی.

گرووپە جیاوازەکان بەدرێژایی ساڵان دەرکەوتن و سوێندیان خواردووە کە بیرۆکەی چارەسەری یەک دەوڵەتی دیموکراتیک لە فەلەستین بەرەو پێشەوە ببەن. سەرەتا گوتارێکیان لەسەر دەوڵەتێک بەرهەمهێنا کە وەک گرامشی دەڵێت، گوتاری هەژموونگەرایی سەبارەت بە ئاشتی لە ململانێی ئیسرائیل و فەلەستین لەناوبرد. بەرهەمهێنانی گوتارێکی بەدیل، بێگومان بەس نییە بۆ گۆڕینی واقیع لەسەر زەوی. بەڵام یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی یاری کۆتایی، لە ڕێگەی شیکاری سەرچاوەی کێشەکە. ئەمەش بەهۆی سەرهەڵدانی ناوەندە ئەکادیمییەکانی تەرخانکراو بۆ خوێندنی فەلەستین یارمەتیدەر بووە. ئەمە دیاردەیەکی نوێیە؛ تا ئەم دواییانە ئەستەمە شەرعیەتدان بە لێکۆڵینەوە لە فەلەستین وەک پرۆژەیەکی ئەکادیمی جیاواز چونکە یان لە ململانێی عەرەبی و ئیسرائیلدا یان لە توێژینەوەکانی ئیسرائیلدا جێگیر بووە. ئەم فەزایە سەلامەتانە بۆ کاری زانستی تێگەیشتنمان لە سەرچاوەی ململانێکان قووڵتر کردەوە، پێکدادانێک لە نێوان بزووتنەوەیەکی کۆلۆنیالیزمی ئیستیتانی و خەڵکی ڕەسەنی فەلەستین کە لە شوێنەکانی دیکەدا بە نەهێشتنی ڕەسەنەکان کۆتایی هات (بۆ نموونە ئەمریکای باکوور)؛ یان هەلکەندنی دانیشتووان (لە جەزائیر) و لە حاڵەتێکی دەگمەندا لە ئاشتەوایی نێوان دانیشتووان و خەڵکی ڕەسەن (لە باشووری ئەفریقا). فەلەستین ناوازەیە چونکە ئەو ئامرازانەی بیریان لێدەکرێتەوە بۆ لابردنی - واتە پاکتاوکردنی نەتەوەیی -

r

تەنها بەشێکیان سەرکەوتوو دەبن. بەهۆی ئەوەوە پاکتاوی نەتەوەیی فەلەستین بەردەوامە. فەلەستینییەکان پێی دەڵێن ئەلنەکبە ئەلمستەمەرە- کارەساتی بەردەوام.

## دەستپێشخەرییەکی نوێ

ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە لایەنگرانی ئەم پرۆژەیە ئەنجامیاندا، و کۆنفرانسە زۆرەکانی چارەسەری یەک دەوڵەت، یارمەتی ئەو بزووتنەوەیانەیان دا کە لەسەر زەمینە پشتگیری لە بیرۆکەی تیشک خستنە سەر پەیوەندی نێوان سروشتی ململانێ لە فەلەستین و تاکە چارەسەری بژاردەیی بۆ... کێشە. شیکارییەکە بە ڕوونی ئاماژە بە ململانێیەکە دەکات وەک ململانێی نێوان دەوڵەتێکی ئیستیتانی و دانیشتوانی ڕەسەن. دەستنیشانکردنی ورد یەکەم هەنگاوە لە ڕێگای پێشبینی سەرکەوتوو. توێژینەوەکە بە شێوەیەکی بنیاتنەر ئەو مۆدێلە جیاوازانەی لە یەکتردا جێگیر کرد کە بۆ چارەسەری یەک دەوڵەت پێشکەش دەکرێن؛ دەوڵەتێکی دیموکراسی عەلمانی، دەوڵەتێکی دوو نەتەوەیی، دەوڵەتێکی ئیسلامی یان دەوڵەتێکی سۆسیالیستی.

ئەو دەستپێشخەرییە نوێیەی کە لە سەرەتای ئەم بابەتەدا باسکراوە، ئێستا بەدوای خاڵەکانی ڕێککەوتنی نێوان ئەندامە جیاوازەکانیدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی 'کەنیسەیەکی فراوان' لەنێو ئەو کەسانەدا دروست بکات کە باوەڕیان بەم دیدگایە هەیە. ئەمە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام کارێکی پێویستە و هەوڵە سەرەتاییەکان تا ئێستا زۆر دڵخۆشکەر بوون. تەحەددایەکی دیکە بۆ بنیاتنانی بزووتنەوەکە لەسەر زەوی ئەوەیە کە چۆن ژنان و گەنجانی زیاتر لە سەرکردایەتیکردنیدا بەشداربن. ڕێگایەک و گەشتێکی دوور و درێژ لە پێشە، بەڵام دواجار پێدەچێت ئاراستەکە ئاراستەیەکی دروست بێت.

## دەربارەی نووسەر:

**ئـــیلان پـــاپی، لە نـــۆڤێمبەری ســـاڵی ١٩٥٤ لە شـــاری هەیفـــا لە فەلەســـتین لە دایک بووە.**

**ئـــیلان، مێژوونـــووس و لێکـــۆڵێرەوە و چـــاڵاکوانێکی سیاســـی و سۆسیالیســـتی دیـــاریی ئەمـــرۆیە. ئـــیلان لایەنگیریـــی تێـــزی (فەلەســـتین: چارەســـەری یەک دەوڵەت)ە. ئـــیلان، ئێســـتا لە تـــاراوگە لە وڵاتـــی بەریتانیـــا نیشـــتجێیە. مامۆســـتای کـــۆلێژی زانســـتە کۆمەڵایەتییەکـــان و تـــوێژینەوە نێودەوڵەتییەکـــانە لە زانکـــۆی ئێکســـتەر لە بەریتانیـــا، بەڕێـــوەبەری ســـەنتەری ئەوروپـــی زانکـــۆیە بـــۆ توێژینەوەی فەلەستین.**

**نووسەری خاوەنی چەندین کتێبە لەوانە:**

- **(١٠) ئەفسانە دەربارەی ئیسرائیل**
- **پاکتاوکردنی ڕەگەزی فەلەستین**
- **مێژووی فەلەستینی مۆدێرن: یەک خاک، دوو گەل**
- **غەززە لە قەیرانـــــدایە: تێڕامـــــان لە شـــــەڕی ئیســـــرائیل لە دژی فەلەستینییەکان**
- **گەورەترین زیندان لە سەر رووی زەوی. مێژووی خاکە داگیرکراوەکان.**
- **چەندین تر ......**
- **خـــاوەنی ســـەداها وتـــارو بـــابەتی جیـــاوازە لە کـــۆنفراس و ڤیســـتڤاڵەکانی جیهان.**